www.kurdistannet.org
17-2-2007 21:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## به ملازم مو حسینه کان کوردستان به ته عریب ئه ده ن!! ... ستارکوڵه جۆیی

سه رکردایه تی کورد وحوکومه ته که ی هه مێشه به پێچه وانی خواست و دواکاریه کانی خه ڵکی کوردستان کارده کات، ئه وه ی گرنگ نه بێ به لایانه وه ڕه ئی و بۆ چونه کانی میلله ته. ئه میش دوو جیهانی جیواز له یه کدی دروست کردوه، جیهانێ له سه ری سه روه بێ گێودان به جیهانی خواروه ی خوی. ئه وه ی له برژه وه ندی و حه زو ئارزووی خۆی بێ ده یکات، جیهانی خواره وه یش جگه له خوا که ریمه زیاترهیچ ده سه ڵاتێکی تر یان نیه. هه ر بۆیه له هه موو ئه و ئالو گۆڕانی له ناو کوردستان ڕووئه دا. هه رله مسائیله ڕامیاریه چاره نووسازه کانه وه تا ده گاته ئابووری و کۆمه ڵایه تیه کان، پرسه گوڕگانه یه کیان به میلله تی کورد نه کردوه و ناشیی که ن. تاوه کو خه ڵک به تامای ئه و خوا که ریمه بن. ده با لێره دا جیهانی خواروه سه نگ و هێزی خۆی بخاته کاربۆ سه ندنه وه ی ئه ومافاو ئازادیانه ی که جیهانی سه روه لێ زه ووت کردون. ئه و دروشمه و سلۆگانه بریقه دارانه ی ده سه ڵاتداران که بۆ فریودانی خه ڵک به رزیان کردۆته وه، ده با به زه به ری گورزی هاوئاهه نگی هه موو ئه و چین وتوێژانی کوردستان برێژنه سه رشقامه کان و له دروشمه سلۆگانه کانه وه بێته ئه مری واقیع و چی دی له سه ری سه ره وه دا به رژه وه ندی حزب و ده سه ڵاتداره کانی، ئازادی ومافه کانی کۆمه ڵگا و تاکه کانی پێشێل نه کات و به رژوه ندی نه ته وه یه کان قۆچی قوربانی به رژه وه ندیه ئیسراتیجیه کانی ئه مریکا و ئسرائیل نه که ن. به ملازمه موحسنه کان کوردستان به ته عریب کردن نه ده ن. لێره دا سه یره که له وه دایه ده سه ڵاتی کوردی تا وه کو ئیستا نه یان توانی وه یه ک عه ره بی هاورده له کرکوک ده ر بکه ن که چی ئاماده ن به باواش گردنه وه بۆ ملازم محوسنه کان. مخابن ئه م حوکومه تی کوردیمان تا وه کو ئیستا نه یاتوانیوه گیانی کورده هه ڵهاتووه کانی باکوری ڕۆژهه ڵاتی کوردستان بپارێزن، که له ترسی جه ندرمه ئه تاتورکه کان و پاسدران په نایان هێناو بۆ ئه م به شه ڕزگارکراوه ی کوردستان. جێگای داخێکی زۆره ده زگا سیخوڕه کانی تورک و فارس که به (میت و ئیتلاعات) نا سراوه ن به سه دان پێشمه رگه و کادری پارته کانی ڕۆژهه ڵات و باکوری کوردستانیان تیرۆر کردوه. ئه مه شه په ڵه یکی ڕه شی تره به ناوچاوانی ده سه ڵاتدارانی هه رێمی کوردستان. گه رحوکومه تی هه رێم تاوانه کانی مولازم موحسین و ته عداکانی ناو تواریه که یان بیرچووبێته وه، ئه وه خه ڵکی سلێمانی و میلله تی کورد هه رگیز له بیر ناکه ن و ڕازیش نا بن به نیشته جیێ کردنی مولازم موحسینه کان. . . . .

که نه دا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.